بەیاننامەی پارت و لایەنە سیاسیە کوردستانیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و کۆمەڵە و رێکخراوە کوردیەکان لە ئەوروپا

بە نیگەرانیەکی زۆرەوە گوێبیستی ڕاگەیاندراوەکەی وتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە بووین، وە ژمارەیەك پێشهات و ڕێوشوێنمان لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بینی کە ئێستا لە عیراقدا لە ئارادان کە هەر هەموویان پێشێلکردنی ڕوون و ئاشکران بۆ مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.

دەستووری عێراق سیستەمی حوکمڕانیی ولاتی بە فیدراڵی دیاری کردووە، دانی ناوە بە هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵ، بەڵام بڕیاربەدەستانی بەغدا، باوەڕیان بە فیدرالیزم نییە و بە عەقڵیەتێکی مەرکەزی هەڵس و کەوت لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن.

حکومەتی فیدراڵی راست ناکات کاتێك گەندەڵی و دزیینی سامانی گشتی کردۆتە بیانوو بۆ ئەو هەڵوێست و بڕیارانەی، بەڵکو مەرامی سەرەکی لاوازکردن و نەهێشتنی قەوارەی فیدراڵی هەرێمی کوردستانە، کە بە خوێنی پاکی دەیان هەزار شەهید هاتۆتە ئاراوە، وە دەرئەنجامی زیاتر لە ١٠٠ ساڵ لە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمانە لە قۆناخە جیاکانیدا.

لەگەڵ هەموو ئەو تاوانانەش، گەلی کوردستان ئیرادەی خۆی لەدەست نەدا و بە خوێن و قوربانیدانی خۆی لەدژی هەموو چەشنە ستەمکارییەك وەستایەوە و ئەمڕۆی کوردستانی دروستکرد.

کاتێك لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕژێمی سەدام هەتا هەتا گۆڕ بە گۆڕ کرا، هەرێمی کوردستان ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو لە ڕووخانی ڕژێم و کۆتایهێنان بە دیکتاتۆرییەت، هەروەها ڕۆڵی باڵای هەبوو لە بنیاتنانەوەی عێراقی تازە وداڕشتنی دەستوور، دەستوورێك کە لەژێر سایەیدا، هەموو عێراقییەکان بحەسێنەوە و کۆتایی بە نەهامەتی و نکۆڵیکاری بێنێت.

ئەوەی کە گەلی ئێمە لە دوای هەموو ئەو مەینەتیانەوە چاوەڕوانی دەکرد ڕێزگرتن بوو لەو دەستورە کە بە زیاتر لە ٨٠٪ دەنگی گەلانی عێراقەوە پەسەند کراوە، بەڵام بەداخەوە دەستوور جێبەجێ نەکرا و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەستکرا بە دژایەتیکردنی ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و پێشێلکردنی پڕەنسیپەکانی هاوبەشی و هاوسەنگی و سازان.

ئەوەی ئێستا لە عیراقدا دەگوزەرێت و هەموو ئەو هەڵمەتە چەواشەکارانەی کە لە دژی هەرێمدا هەیە بە بیانووی نەهێشتنی گەندەڵی قابیلی قەبوڵ نیە. ئەگەر بەڕاستی مەبەستی حکومەتی فیدراڵی سەروەریی یاسا و بنبڕکردنی گەندەڵیە، ئەوا هێشتا پرسی (جرف ئەلسەخر) یەکلانەکراوەتەوە، وە عێراق پڕە لە گەندەڵی و دزی و چەکی بێ مۆڵەت، با شتر نەبوو جارێك لە خۆیانەوە دەستپێبکەن ئەگەر هاتوو نیەتیان چاککردنی دۆخی ولات بێت؟

حکومەتی هەرێم بڕوای بە چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی هەیە و هەر لە سەرەتاوە پشتیوانیی خۆی بۆ سەرۆکوەزیران عەلی زەیدی ڕاگەیاندووە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و پاڵپشتی بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بە کردەوە بەشداربووە و چەندین داواکاراوی ڕادەستی بەغدا کردۆتەوە.

بەڵام ئەوەی کە بە ڕوونی دەبینرێت ئەو نیەت و عەقڵیەتە خەراپەیە کە بڕوای بە فیدرالیزم نیە، وە چاو هەڵنەهاتنیان بە هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کە هەرێمی کوردستان بە دەستی هێناون و دەیانەوێت قەوارەی هەرێم لاواز بکەن و مافە دەستوریەکانی پێشێل بکەن.

گەلی کوردستان بە هەموو هێزێکیەوە، بەرگری لە مافە دەستوورییەکانی خۆی دەکات و بە هیچ شێوەیەک دەستبەرداریان نابێت، وە بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەی هەموو جۆرە قوربانیەکە.

هاوکات ئامادەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستان بۆ بینینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بە پشت بەستن بە دەستوری عیراق فیدراڵ.

لێرەشەوە بەناوی هەموو ئەو پارت و لایەنە سیاسیانەی هەر چوارپارچەی کوردستان وە رێکخراوانەی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئەوروپا، داوا لە حکومەتی فیدرالی دەکەین رێز لە خەبات و قوربانیدانی سەت ساڵەی گەلی کوردستان و سەدان هەزار شەهید بگرێت کە بە خوێنی ئاڵیان کوردستانیان رزگارکرد و رۆڵیان لە رزگارکردنی عیراق بینی، داواشی لێدەکەین پابەند بن بە دەستوور وەك بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، وە خۆی بە دوور بگرێت لە زمانی شەڕ و هەڕەشە و بڕیاری میزاجی و تاکلایەنە، چونکە هەرێمی کوردستان ناچێتە ژێر باری بڕیاری نادەستووری و سەپاندنی ئیرادەی هیچ کەس و لایەنێك. ئەوەش لەبیر نەکەن کە ئەزموون سەلماندوویەتی کە ئەم شێوازە هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات و لە بەرژەوەندیی عێراق و هیچ لایەنێکدا نییە.

داواش لە سەرجەم کوردستانیانی دانیشتووی ئەوروپا دەکەین، بە یەك دەنگ و یەکگرتوو بن و بە یەکەوە کار بکەن بۆ پشتگیریکردن لە هەرێمی کوردستان و قەوارە دەستوریەکەی و هەموو ئەو دەسکەوتانەی بەدەست هاتوون، هاوکات هەموو هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ لە سەرانسەری ئەوروپا بۆ گەیاندنی دەنگی مەزڵومیەتی گەلی کوردستان بە پەرلەمان و حکومەتەکانی ئەوروپا و لەگەڵ دۆستانی گەلی کوردستان هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە بۆ کۆکردنەوەی پاڵپشتی بۆ هەرێمی کوردستان، ئەو قەوارەیەی کە قەڵای دیموکراسی و ئازادیە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و هاوپەیمانی متمانەپێکراوە لە شەڕ لە دژی تیرۆرستان و پاراستنی جیهانی شارستانی.

ئێمە وەک گشت لایەن و پارتە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ئەوروپا، پاڵپشتی لە هەر هەنگاوێک دەکەین بۆ یەکڕیزی و تەبایی نێو ماڵی کورد، بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان. بەتایبەتیش داوا لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەکەین، ئەو یەک ڕیزیەی نێو ماڵی کوردی بپارێزن و بەرژەوەندی نەتەوەیی کورد لە پێش چاو بگرن.

بە ئامادەبوون و پاڵپشتی ئەم پارتی ولایەنە سیاسی و کۆمەڵە رێکخراوەکانی مەدەنی

1 - پارتی دیموکراتی کوردستان/سوریا
2 - ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان/سوریا-ENKSE
3 - پارتی سوسیالستی کوردستانی باکور
4 - پارتی دیموکراتی کوردستان باکور
5 - حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران
6 - بزوتنەوەی ئازادی کوردستان سوریا
7 - پارتی ویفاقی دیموکراتی کوردی لە سوریا
8 - پارتی ئاشتی دیموکراتی کوردستان سوریا
9 - کۆمیتەی هاوکاری پارتە سیاسیەکان
10 - پارتی گەل سوریا
11 - یەکێتی کۆمەڵی کوردی لوبنانی لە ئەڵمانیا
12 - پارتی الپارتی لە سوریا
13 - پارتی هەڤکارتی
14 - پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا
15 - پارتی ئازادی کوردستان/ئێران
16 - تەڤگەرا چاکسازی سوریا
17 - تیار المستقبل الکوردی فی سوریا

18 - پارتی تەڤگەرا دیموکراتی کوردستان باکور
19 - کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
20 - پارتی کاری سەربەخۆ/باکور
21 - پارتی پێشڕەوی کوردستان سوریا
22 - پارتی دیموکراتی کوردستان/سوریا-الپارتی
23 - کۆمەڵەی کوردستانی براندینبۆرگ/بەرلین
24 - حزبی اتحاد الوطنی السوری
25 - حزبی دیموکراتی یەکگرتوو/سوریا
26 - Kurdisch-Deutsche Plattform e. V.
27 - هەڤکاری کۆمەڵەی کوردستانی ئەڵمانیا
28 - ناوەندی ئەوروپای یەکیتی ئافرەتانی کوردستان
29 - پارتی چاکسازی کوردی لە سوریا
30 - پارتی هاوبەش دیموکراتی کوردی و دیموکراتی نیشتیمانی لە سوریا
31 - شەپێلا پاشەڕۆژ لە سوریا
32 - شەپێلا پێشەڕۆژ کوردستان/سوریا
33 - کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان/ئێران
34 - مالا ئێزیدیان لە کالکا
35 - Kurdische Gemeinde Deutschland
36 - کۆنفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی ئەڵمانیا
37 - پارتی وەک هەڤی کورد لە سوریا
38 - پارتی دیموکراتی کوردستان/لقی٦ ئەوروپا

بژی کورد، بژی کوردستان.

ئەڵمانیا - دوسلدۆرف ٢٠٢٦/١١/٢٩